



# ملوانکەی ناسک و یەک تەل بۆ بۆنەو یادەکان هەڵبژێرە

ئێکسسوارەکانت ئەوەندەی ماکیاژو جلەکانت بەسوودن بۆ جوانکردن و سەرنجڕاکێشانت، هەمیشە بەبێ ئێکسسوار مەبەو بەردەوام با بەشێك لە ئێکسسوارەکانت بەخۆوە بێت، چونکە جوانیی دەرەکی بە لەشولارت دەبەخشن، مەرج نییە تەنیا لە ڕێگەی جلەوە ستایلەکەت شیك بێت. ملوانکە یەکێکە لە جوانترین مۆدی ئێکسسوار، هەمیشە بەرچاوو دیارەو بەشی پێشەوەی بەرۆك و گەردن و مل دەڕازێنێتەوە. ئێستاش کە بەرەو وەرزی سەرما دەچین، ئیدی جلی تۆکمەو ئەستوور لەبەر دەکرێن، بۆیە ڕۆڵی ئێکسسوارەکان وەك جاران نامێنن و دەکەونە ژێر جلوبەرگەوە، هەر بۆیە مارکەی (سوزان کلاڵن – Suzanne Kalan) تازەترین مۆدی ئێکسسواری ئەو وەرزەی نمایش کرد، زۆربەی مۆدەکانی بریتییە لە ملوانکە درێژ و خاو، کە دەکەوێتە سەر سینگ و بەلای ملیشەوە بە نەرمی دەچەمێتەوە، هەندێکی دیکەش تەنیا تەلێکە لەناوەڕاستی بەرۆك دێتەخوارەوە، زنجیرەکەشی پڕ بە مل دەبێت، جۆری یەکەم بۆ زانکۆ و دەرچوون و دانیشتن هەڵدەبژێرێت و جۆری دووەمیش بۆ بۆنە و یادەکان لەمل دەکرێن.



## باوی مۆدی بلووزە

کەشوهەوا بەرەو ساردی ڕۆیشتووە، ئیدی بەیانیان و درەنگانی شەو ڕەنگە سەرما داتبگرێت و نەتوانی وەکو جاران بێیت و بچیت، بۆیە دەبێت گۆڕانکاری لە شێوازی جلوبەرگت بکەیت، تا لەسەرمای ئەو وەرزە بەدوور بیت، ئەگەرچی هێشتا ماوە بۆ مۆدەکانی جلی زستانە، بەڵام دەتوانین هەندێ جل هەڵبژێرین کە لەگەڵ ئەو وەرزەدا بگونجێت، لەوەرزی هاوینەدا جلەکانی سەرەوە زیاتر بەدی و کراس بوون، هەندێکی دیکەش چاکێتی تەنك بوون، ئەوەی بۆ ئێستا شیاو و گونجاوە، بلووزێکی ناسك و نەرم دەستنیشان بکە، تا لە جوانی و نیانیی ئەو جلە بەدوور نەبیت. بلووز هەردوو جلی قەمیس و بەدی لە خۆ دەگرێت، کە هەندێکیان قەمیسەو لەشێوەی بلووز چێ کراوە، بەشێکی دیکەش بەدییە هاوشێوەی بلووزە، لە تازەترین مۆدە باوەکانی مارکەی (لۆگۆمانیا- logo-mania)، چەندین مۆدی جوانی بلووزی نەرم و بەدی ئامادەکردووە، هەوڵبدە بیکەیتە مۆدی ئەو وەرزە کە کەشێکی گونجاوە بۆ پۆشینی بلووز.



# بەم ڕێنماییانە
# لە ماکیاژکردن مەترسە

بانگەشەیەکی نادروست هەیە، کە دەگوترێ ماکیاژ بۆ پێست کاردانەوەی خراپی دەبێت، بەتایبەت ئەگەر بەبەردەوامی بەکاربهێنرێت، بەڵام ئەوە ڕاست نییە، ئەگەر ماکیاژەکەت بە ڕێکودروستی بکەیت، یان ئەو جۆرە ماکیاژە بەکاربهێنیت کە لەگەڵ پێستت بگونجێت، هیچ کێشەت نابێت. بۆ ئەوانەی هەمیشە خولیای ماکیاژن، با ئیدی دڵگران نەبن و بەم ڕێنماییانەوە بەردەوام ماکیاژی خۆیان بکەن:

- پێویستە بەر لە بەکارهێنانی هەر بۆیەو دەرمانێك، دەموچاوت بە جوانی بشۆیت، تا هیچ پاشماوەیەکی دیکەی لەسەر نەمابێت.
- تەڕ کردن و نەرمکردن، گرنگترین هەنگاوی سەرەتای ماکیاژە، کاتێك ماکیاژ دەکەیت، کرێمی تەڕکردن بەکاربهێنە.
- لادانی ماکیاژ: گرنگە بەر لە نووستن ماکیاژەکەت لابدەیت و دەموچاوت پاك بکەیتەوە، چونکە هەر ئەوەیە دەبێتە هۆی تێکدانی پێستی ڕوخسارت.
- سیرۆم: بریتییە لە ڕۆنی ڕوخسار، بۆ چەورکردن و نەرمکردنی پێستی دەموچاوە، گرنگە بەر لە ماکیاژ کەمێکی بەکاربهێنیت.
- کرێمی شەوانەی ڕوخسار: بۆ ئەوەی پێستت لە هەموو پاشماوەی ماکیاژ و ڤایرۆس و بەکتیریا بەدوور بێت، کەرێمی شەوانە بەکاربهێنە.
- کرێمی ڕۆژانە: بە تایبەت کاتێك لەبەر خۆر دەبیت، پێویستە کرێمی دژەهەتاو بەکاربهێنیت، بۆ پارێزگاری پێستت لە تیشکی خۆر.
- کرێمی چاو، پێستی ژێر چاو، هەستیارو ناسکە، پێویستە ماوە ماوە گرنگی پێبدەیت و کرێمی تەڕکردن و پارێزگاریکردنی لێی بدە تا پارێزراو بێت.

# شێوازێکی دیکەی سێلفی دەرکەوت

بەزمی سێلفی نابڕێتەوەو ماوە ماوە بۆنەیەکی تازەی ئەو شێوازە وێنەگرتنە دەردەکەوێت، تەنانەت وایان لە کۆمپانیاکان کردووە، کە کامێرا و بەشی ئەپلیکەیشنی تایبەتیش بە سێلفی ئامادە بکەن و لە نێو مۆبایلەکاندا چێی بکەن، ماوەیەك بەر لە ئێستا سێلفی لاپتۆپیش پەیدا بوو، ئەمجارەیان مۆدێکی دیکەی سێلفی دەرکەوتووە، کە لەشێوەی (چەپڵە) وایە، واتە کاتێك وێنەکە دەگریت تۆ چەپڵە لێدەدەیت و مۆبایلەکەشت بە ئاسمانەوەیە و وێنەشت دەگرێت. ئەو کارە لەلایەن قوتابییەکی زانکۆ بە ناوی (مارۆن شنایدەر)ـەوە ئەنجام درا، کە خۆی لە ویلایەتی کارۆلینای باکووری ئەمریکا دەژی، کارەکەی بە بەنقەست نەبوو، بەڵکو مۆبایلی لە دەست کەوت و ویستی بیگرێتەوە و نەیتوانی، بۆیە دەستی لە یەکتردا، ئیدی ئەو شێوازە بووە جێگەی لاساییکردنەوە، ئەو شێوازە وێنەیە بە (های فایڤ – Hi5) ناسراوە، تەنانەت هەندێ لە پرۆگرامەکانی کامێراکانی مۆبایل بە جۆرێك پرۆگرام کراون، لە کاتی چەپڵە لێدان و های فایڤیشەوە وێنە دەگرن.



# خانووی جاران لە ژیانی کوردەواریدا

کوردان لەزۆربەی کاری رۆژانەی خۆیان دەسترەنگین و لێهاتوو بوون، جاران ژیان ئەوەندە پێشکەوتوو نەبوو، کە بە مانگێك باڵەخانەیەکی (٥) نهۆمی دروست بکرێت. پێشتر ژیانی کوردەواری پڕ ئەرك و ماندووبوون بوو. زۆربەی کەلوپەل و کەرەستەیان هەر بۆ خۆیان دروستیان دەکرد، تەنانەت کۆشك و خانووش وەك ئەندازیارێکی بەتوانا کاریان بۆ کردووەو تەواویان کردووە. پێشتر خشتی قوڕ هەبوو، کە لاکێشەیی بوو، لە بلۆك گەورەتر و پانتر بوو، بەڵام هێندەی ئەو بەرز نەبوو. خشت لە گڵی سوور و کا

# کڕاکاڵ نە پشیلەیە و نە پڵنگ

ئاشکرایە شێوەی پشیلە دەچێتەوە سەر پڵنگ، تەنانەت بە پڵنگی بچووك دەناسرێت، کەچی ئەوەی دەیبینن نە پشیلەیە و نە پڵنگ، یەکێکە لە گیاندارە شیردەرو گۆشتخۆرەکان، زیاتر لە کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیا و هیندستان دەبینرێت، ڕەنگی قاوەیی و چاوشینە، کێشی نموونەیەکی پێگەیشتووی کڕکاڵێك دەگاتە (١٨) کیلۆگرام، بە سەیرترین گیانداری دڕەندە دادەنرێت، وەك پیشیلە بچووك و لاوازە، بەڵام وەك پڵنگ بەهێزەو جەستەی پڕ ماسوولکەیە، ڕەنگی ئەو گیاندارە لە (٤) جۆرە و لەوانە : سوور، ڕەساسی، قاوەیی، ڕەنگی خاکی. تەنیا گۆشتی گەنیو و پیس دەخوات، ڕاوچییەکی بەهێزە، بەڵام دوای ئەوەی نێچیرێك دەگرێت، دایدەنێت تا دەگەنێت، ئینجا دەیخوات، بە پشیلەی کڕکاڵ ناسراوە، بەڵام نە پشیلەیەو نە پڵنگیشە، ڕەنگە تێکەڵی هەردووانیان کرابێت، ئینجا ئەو شێوە گیاندارەی لێی دەرچووە.



دروست دەکرێ، درێژیی (٤٠) سم و پانیی (٢٠)سم بوو، دوای ئەوەی خۆڵە سووریان دەهێنا و لەگەڵ ئاوو کا تێکەڵیان دەکرد، ئەوجا دەیانشێلا تا دەبووە قوڕێکی پەیت، پاشان لە خشتبڕیان دەدا کە شێوەی لاکێشەیی بوو، ئینجا لەبەر هەتاویان دادەنا تا وشك دەبووەوە. بۆ سەرگرتنی خانووش سەرەتا کاریتە دادەندرا کە کۆڵەکە دارێکی ئەستوورە، دەشبوو ئاوڕێژ بێت و ئاو بە لایەکیدا بڕێژرێت، پاشان بە داری باریکتر دارەڕایان دەکرد. پێشتر حەسیر دادەندرا، بۆ جوانی و نەخش بوو، لە گوندەکاندا دوای دارەڕا، قامیشیان دادەنا، کەبەریش هەیە کە جۆرە گیایەکی دڕکاوییە، ئەویش دادەندرا تا مشك و جرجە کوێرە نەتوانن بچنە نێو میچی خانووەکەوە، پاشان قوڕەپەست دەکرا تا وشك دەبووەوە. دواتر قاتێکی دیکە قوڕی لێ دەدەرا و بە دەست مارنج دەکرا، مارنجکردن واتە ڕاستکردنەوەی سەربانی خانوو، ساڵانە سەربانی خانوو سواق دەدرێ، تا بەرگەی زستان و باران بگرێ، یان سەرەوەی خانوو بە مەشکانی دادەندرا، واتە لار بوو، بەم جۆرە، باران و ئاو کاری تێ نەدەکرد، چونکە لار و ئاوڕێژ بوو، پێشی دەگوترا خانووی جزیری، ئەوەی دیکەش شارستانی بوو کە سەرەوەی ڕاست بوو.



# نمایشی وێنە و تابلۆ بە سەوزە و میوە

زیرەکی و دانایی لە کاری دیزاین و نەخشدا، بێگومان بۆ ئەوانەیە کە خاوەن بەهرەن و لەو کارەدا بیرمەندن، بۆیە هەندێ دیمەن و کاری ناوازە دەکەونە بەرچاو، کە سەرمەستت دەکەن لە جوانیدا، تەنانەت ئەو کارە دەکرێت لە کەرەستەی سادەش بێت، فوتۆگرافەرێکی ئەمریکی بە ناوی (فرای لانس)، لە شاری سیاتلی ئەمریکی، جوانترین دیمەنی نەخشاندنی میوەو سەوزەی گرتووە، ئەو کارە سەیرەش لەلایەن ئافرەتێکی بەریتانی بە ناوی (برێتنی رایت) ئەنجام دراوە، کە سەراپای شۆپە تایبەتەکەی بە سەوزەو میوە، لە نەخش و دیزاینی جۆراوجۆر چێ کردووە، کارەکەش تەنیا بە ریزکردن و دانانی میوەو سەوزە لەتەنیشت یەکتر، بووە جێگەی سەرنجی وێنەکێشان و تابلۆ هونەرییەکان.

## تابـــــــلۆ



**- ئافرەتە چێشتلێنەرە پیرەکە**

وێنەیەکی سەردەمەو بە تابلۆیەکی ناوازە دادەنرێت، بەناوی (ئافرەتە چێشتلێنەرە پیرەکە)، ناوەکەی بە زمانی ئیسپانی واتە (Vieja friendo huevos)، لەلایەن وێنەکێشی ئیسپانی دیەگۆ فیلاتکیت وێنەی کێشراوە، کە لە ساڵی (١٦١٨) ئەو تابلۆیەی نەخشاندووە، ئێستا لە گەلەری ئوسکەتلەندا پارێزراوە، بە درێژی (٥٥) سەنتیمەتر و پانی (٧٢) سەنتیمەترە، لە دواترین فرۆشتنی ئەو وێنەیەدا کە ساڵی (١٩٨٣) بوو، بە بڕی (٦٣٠٠٠) دۆلار لەلایەن ئافرەتێکەوە کڕدراوە.

## کاریکاتێر




- ئەم کاریکاتێرە، باس لە ئەزیەتدان و زیان پێگەیاندنی ژینگە دەکات، کاتێك دارێك دەبڕیت، وەك ئەوە وایە سەری خۆت ببڕیت.

## پەنــد و وتــە



- ئەبراهام لینکۆلن، سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ چەواشەکردن دەڵێ: تۆ دەتوانی هەموو خەڵك بۆ ماوەیەك چەواشە بکەیت، یان خەڵك بۆ ماوەیەکی کاتی بەلاڕێدا ببەیت، بەڵام هەرگیز ناتوانی هەموو خەڵك بۆ هەموو کاتێك چەواشە بکەیت.




**کاوڕ**

کاتەکانت دیاری بکەو خەم لە رابردوو مەخۆ، ئەوەی رۆیشت ئێستا نایێتەوە. هەمیشە خۆت ئەرکەکانت جێبەجێ بکەو بە کەسی دیکەی رامەپەڕێنە، چونکە کارەکانت بەوجۆرەی خۆت لێیان تێدەگەی، کەسی دیکە لێی تێناگات.



**گا**

لەگەڵ هەندێ لەکەسانی دەوروبەرت ناکۆکیت هەیە، هەوڵبدە بە ئاسانی ئەو ناکۆکییانە چارە بکەیت و رێگەی ئاسانتر بگرە لە کارەکانت، چونکە بە زۆری و توندی هیچت بۆ نابێت، لەم ماوەیە کەسێکی زۆر باش دێتە ناو ژیانت.



**جمک**

ئەو ماوەیە بۆ زۆر ناخۆش بوو، بەڵام هەموو کاتێك وا نابێت، بەختت هەیە و چاك دەبێت، ئەگەر دڵت ناخۆشە، ئەو ناخۆشییە بەسەر هەموو کەسێکدا دێت، دەکرێ پشوویەك بدەیت و گەشتێکی بچووك بکەیت، ئەو کەسەی بەرامبەرت هەڵەی کرد، پاشگەز دەبێتەوە.



**قرژاڵ**

کاتێك بیر لە ئامانجەکانت دەکەیتەوە، وادەزانی کاتت درەنگە، بەڵام نابێ دەستبەرداریان بیت، بەڵکو پێویستە زیاتر هەوڵیان بۆ بدەیت. کارەکانت بە گوێرەی داوای هەستی خۆت جێبەجێ بکە و زوڵم لە کەس قبوڵ مەکە، داهاتووشت زۆر باش دەبێت.



# ئەڵقە و ئەنگوستیلەی داربەند

ئەگەر دانەیەکی لەو جۆرە ئەڵقە و ئەنگوستیلانەت لە پەنجە بێت، ئیدی ناتوانی چاوت لەسەر جوانی و ناسکی دیمەنی نێو بەشی سەرەوەی هەڵبڕیت، چونکە چەندین نەخش و دیزاین و دیمەنی سەرنجڕاکێشی بۆ کراوە، وا هەست دەکەی شاکارێکی هونەرییە، ئەوەش لە کارە ناوازەکانی کەسێکی کەنەدییە بە ناوی (فلاین ماتیۆ). ئەوەی سەیرە ئەو ئێکسسوارانە لە ئاسن و ماددەی رەق نییە، بەڵکو لە داری رەسەن دروستکراوە کە بە (Secret Wood) ناسراوە، بە جوانترین ئێکسسواری داربەند دادەنرێت.








## نەهەنگ

هەندێك لە بۆچوونەکانت مایەی ئەوەن کە گرنگییان پێبدەیت، بۆیە دەبێ ئاگاداری کارەکانت بیت و خۆت لە کەسانی نزیك بە دوور مەگرە. هەندێ کات بیرۆکەی جوانت هەن، بەڵام بۆت جێبەجێ نابن، دڵ کراوەو گەشبین بە.



## گۆزە

کاتێك بیر لە رابردوو دەکەیت، هەست بە پەشیمانی دەکەیت و ئەوە مانای ئەوە نییە ژیانت تاڵ بکەیت و بیر لە داهاتوو نەکەیتەوە، بەڵکو دەبێ رابردوو لە بیر بکەی و بیر لە کارەکانت بکەیتەوە، هەوڵبدە لە کارەکانت زیرەك و ژیر بیت.




## گیسک

ماوەماوە هەست بە بێزاری و بێتاقەتی دەکەیت، ئەوەش سرووشتییە و لە ژیانی هەمووماندا هەیە، بیر لە کارەکانت بکەوە و زیاتر خۆت ماندوو بکە، تا بەو ئاواتە بگەیت کە ماوەیەکە لە دڵتە، هەمیشە حەز و خولیایەکانت لە بەرچاو بگرە.



## کەوان

هەمیشە کار لە پێناو ماندووبوونت بکە. ئەوەی بیەوێ ئازارت بدات، ناتوانێت و لێت دوور دەکەوێتەوە. کەسێك نیازێکی پاکی بەرامبەرت هەیەو تۆش ماوەیەك رێگەی بدە، ئەگەر زانیت بۆت باشە، لێ قبوڵ بکە و ئەگەریش بەدڵت نەبوو لێی دووربکەوە.



## شێر

هەندێ لەو کەسانەی نزیکت ئاسوودەیی و خۆشی تۆیان دەوێت، بۆیە دەبێ لەگەڵیان نزیك بیت و هیوایەکی گەورەش بە خۆت ببەخشی، چونکە داهاتووت بەرەو باشی دەچێت. هەستت با ئەوەندە ناسك نەبێت، چونکە بە هەڵە لێت وەردەگرن.



## گوڵەگەنم

ماوەیەکە هەست بە ناخۆشی دەکەیت، ئەوەش کۆتاییەکەی نزیکە، چونکە کاتێك بیر لە کارەکانت دەکەیتەوە و وادەزانی قورسن و بۆت نابن، بەڵام هەوڵدانێکی پێویستەو ئەوکاتە بە ئامانجەکانت دەگەیت. هەوڵبجە زیاتر گەشبین بیت.



## شایان

لە ماوەی رابردوو ئەوەندە فەرامۆشیت پێوە دیار بوو، کە ئێستا باجەکەی دەدەیت، بەڵام بیرۆکەو هەست کردنت بە کێشەکانت دەبنە هۆی سەرکەوتنت. لەگەڵ کەسانی نزیکت مامەڵەت خۆشتر بکە و کاری خراپ لە کەس قبوڵ مەکە.



## دووپشک

رەنگە هەست بەو تاوانە بکەیت کە ماوەیەك بەر لە ئێستا لەگەڵ ئەو هاوڕێیەت کردت، ئێستا دەتوانی رەوشەکە چاك بکەیتەوەو داوای لێبوردنی لێ بکەیت. دڵت گەورە بێت و کارەکانت بە گەشبینی ببینە، چونکە سەرکەوتن بەرێوەیە.